# چەمکی شەیتان لە نێوان ڕەمز و حەقیقەتدا

خەسرەو مەحمود

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

# پێشەکی

شـەیتان وەك چەمك و بابەتێكـی بنەڕەتـی لـە ئاینـدا، لـە چەنديـن ڕووەوە مايـەی هەڵوەسـتە لەسـەركردنە، لەخـودی ناوەكەيـەوە كـە لـە شـێوەی سـيفەتدا گوزارشـتی لـێ كـراوە، و وەك (نـاو) خـۆی ديـاری نەكـراوە. وەك سـەرچاوەی خراپـە كـە لەلايەكـەوە تاوانبـاری سـەرەكييە، و لەلايەكـی ديكەشـەوە بوونـی پێويسـتيەكی حەتمييـە، بـەوەدا كـە نەبوونـی شـەڕ و خراپـە لـە ژيانـی مرۆڤـدا، لـەڕووی لۆژيكـی و بابەتيشـەوە ناموممكينـە. هەروەهـا بوونـی شـەيتان وەك سـەرچاوەی خراپـە لەپـاڵ ئامادەبوونـی چەنـد سـەرچاوەيەكی ديكـەی وەك نەفس و قـەدەر (ئيـرادەی خـودا).

لێـرەوە وەك هەوڵێكـی سـەرەتايی ويسـتومە لـەم توێژينـەوە كورتـەدا هەڵوەسـتەيەكی خێـرا لەسـەر ئـەو تەوەرانـە بكـەم كـە ئامـاژەم پێكـردن، بـەو پێيـەی تێگەيشـتن لـە مانا شـاراوەكانی شـەيتان، يـان هەوڵـدان بـۆ خوێندنـەوەی ئەوديـوی ڕوكەشـی بابەتەكـە، دەبێتـە هـۆی زەمينەسـازی بـۆ خوێندنـەوەی بابەتگەلـی ديكـە لـە ئاينـدا كـە وەك بابەتـی بنەڕەتـی و چارەنوسـاز دێنـە هەژمـار.

# پوختە

لـەم توێژینەوەیـەدا هـەوڵ دراوە یەکێـک لـە بابەتـە بنەڕەتـی و هەسـتیارەکانی ئایـن بەشـێوەیەکی زانسـتیی و بابەتیـی بخرێتـە بەربـاس، ئەویـش بابەتـی ((شـەیتان))ە. لەمیانـی کارەکـەوە هەوڵـدراوە سـەرەتا ئاوڕێـك لەودیـوی چەمکەکـە خـۆی بدرێتـەوە، واتـە نەوتراوەکانـی یـان مەدلولـە شـاردراوەکانی بخوێنرێنـەوە. لەوێـوە بـەرەو دیاریکردنـی سـەرچاوەی ڕاسـتەقینەی هێـز و پاڵنـەری خراپـە لەمرۆڤـدا، کـە لەبنەڕەتـدا غەریزییـە. لەپاڵ خسـتنەڕوی ئـەم ڕاسـتیە زانسـتیەدا، و وەك دەرەنجامێکـی مسـۆگەریش بـۆی، چەنـد کێشـەیەکی هەڵـواسراو لەئاینـدا لێـرەدا چارەسـەرکراون و یەکلاکراونـەوە.

ئامانجـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیـە بـە پلـەی یەکـەم دەروازەیەکـە بـەڕووی هەوڵـی زانسـتیانەدا بـۆ تێگەیشـتن لـە ئایـن و چەمـک و پێکهاتەکانـی، کـە لـە ئێسـتادا تەنانـەت لـە زانکۆکانیشـدا هـەر ئاینیانـە و میتۆلۆژیانـە مامەڵەیـان لەتەکـدا دەکرێـت.

# بەشی یەکەم: شەیتان لە زمان و زاراوەدا

## باسی یەکەم: شەیتان لە فەرهەنگی زماندا

وشەی شەیتان لە بنەڕەتدا عەرەبیە (الشیطان) و لە کرداری (شطن)ەوە هاتووە:-

((شطن)): ناکۆک بوو بە نیاز و ئاڕاستەکەی، دووری خستەوە.

شیطن و تشیطن: کاری شەیتانی ئەنجامدا.

الشاطن: البعید عن الحق: دوور لە حەق و ڕاستی، پیاوی پیس و بەد.

بئر شطون: بعیدة القعر (بیری شەطون: واتە بنەکەی و تەختەکەی دوورە).

الشیطان ج شیاطین: گیانێکی شەڕانگێزە و بەهۆی دوورییەوە لە خێر و چاکە و ڕاستییەوە ئەو ناوەی لێ نراوە، هەموو یاخییەکی سەرکێش لە مرۆڤ یان جنۆکە یاخود ئاژەڵ. هەروەها بەمانای (مار)یش هاتووە.

الشطن: الحبل (گوریس، پەت)). ١

لە فەرهەنگەکەی راغبی اصفهانیدا خاوەنەکەی دەڵێت، گوتراویشە کە (نون)ەکەی (شیطان) زیادەیە، واتە ڕیشەکەی دەبێتە (شاط یشیط) کە بەمانای (احترق غضبا) دێت واتە: لەتوڕەییدا دەسوتا، (ئاگری لێ دەبووەوە). ٢

وشەی (أبلیس) وەك هاووتای وشەی (شیطان)

أبلس: خێرەکەی کەمبووەوە، تێکشکاو و خەمبار بوو/ ابلس في امره، سەرسام بوو لە بابەتەکەی خۆیدا

١ لویس معلوف، المنجد في اللغة، انتشارات اسلام، تهران، ١٣٧٩، ص٣٨٧-٣٨٨، هەروەها بڕوانە: ابراهیم مصطفی واخرون، دار الدعوة، استانبول، ١٩٨٩، ص٤٨٣.

٢ – العلامه الراغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرأن، تحقیق صفوان عدنان داوودي، دار القلم، دمشق، ط٥، ٢٠١١، ص٤٥٤.

(تیاماو و شڵەژاو لە کارەکەیەوە). ابلس من رحمةالله، لەڕەحمەتی خودا بێئومێد بوو.

البلس: ئەو کەسەی هیچ خێرێکی لەلا نییە (بێخێر).

إبلیس ج ابالیس و ابالسة: ناوی ڕەگەزی شەیتان. ٣

إبلیس: سەرۆکی شەیتانەکان. (المتمرد: یاخی). ٤

## باسی دووەم: (شیطان) لە زاراوەدا

ئەوەی وەك ماناو مەبەست لێرەدا مایەی سەرنجە، ئەوەیە کە هەردوو وشەکە (شیطان، أبلیس) هیچیان ناو نین بەڵکو سیفەتن، واتە (شیطان) لە زمانی عەرەبیدا خاوەنی ناوێکی بنەڕەتیی خۆی نیە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت کە مەبەست لە شەیتان لە بنەڕەتدا بوونی سیفەتی بەد و خراپە، واتە ڕەمزە بۆ خراپە نەك بۆ هەبوویەکی ڕاستەقینە وەك کارەکتەرێکی دیاریکراو.

بابەتێکی دیکەی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە (شیطان) لەهەمان کاتدا بەمانای (مار)یش دێت، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەمەش وەك دیارە لە چیرۆکە تەوراتیەکەوە هاتووە کە لەوێدا لەبری شەیتان، (مار) دەبێتە هۆی خەڵەتاندنی ئادەم و حەوا، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە، (مار) بۆخۆی سیمبولی تۆقاندن و شەڕ و خراپەیە، لەهەمان کاتدا ڕەمزی (نەمری)شە. بێگومان مار ڕەمزە بۆ بابەتی دیکەش. ٥ هەروەها ڕەمزی مەعریفە و حیکمەتیشە، و خاوەندی ڕەمزیەتی سێکسیشە. ٦

---

٣ - لویس معلوف، ص ٤٨.
٤ - المعجم الوسیط، ص٣.
٥ - جان صدقة، رموز و طقوس، دراسات في المیثولوجیا القدیمة، ریاض الریس للکتب و النشر، لندن، ص١٤١- ١٦٤.
٦ - فیلیب سیرنج، الرموز في الفن/ الأدیان – الحیاة، ترجمة عبدالهادي عباس، دار دمشق،ط٢، ٢٠٠٩، ١١٦ – ١٦٢.

# بەشی دووەم: شەیتان وەك ڕەمز

## باسی یەکەم: شەیتان لەبەرامبەر خودادا (دوالیزمی شەیتان – خودا)

خودا کە یەکەمین مرۆڤ لەسەر زەوی دروست دەکات کە (ئادەم)ە، مەبەست لە دروستکردنی ئەوەیە کە زەوی ئاوەدان بکاتەوە، و خواپەرستی و چاکەکاری بکات، خودا بۆخۆی سەرچاوەی خێر و چاکەیە، هاندەر و لایەنگر و یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ کاری چاکە بەگشتی. لێرەدا لەپێناوی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ مرۆڤ، کە ئاخۆ چاکە هەڵدەبژێرێت یان خراپە، پێویستە بونەوەرێکی دیکەش، کە لەهەندێک لە ئاین و میتۆلۆژیا کۆنەکاندا وەك خواوەند هەژمار کراوە، بوونی هەبێت، ئەو بونەوەرەش (شەیتان)ە.

مەبەست ئەوەیە ناکرێت لەبەرامبەر هۆکار و پاڵنەرێکی گەورەی چاکە، کە خودایە و سەرچاوەی خێر و چاکەیە، کارەکتەرێکی دیکە بوونی نەبێت، وەك پارسەنگێك لەبەرامبەر چاکەکەدا، وەك پاڵنەری شەڕ و خراپە کە شەیتانە. لێرەشەوەیە کە شەیتان لە هەندێک لە ئاینەکاندا وەك خواوەندی خراپە دانراوە، نەك وەک جنۆکە یان سەرداری جنۆکە خراپەکان.

## باسی دووەم: شەیتان وەک سەرچاوەی هێزی خراپە یان گوناە و تاوان

لەئاینی ئیسلامدا کە باس لە شەڕ و خراپەکاری یان گوناە و تاوان دەکرێت، دەمودەست ناوی شەیتان بە بیرماندا دێت، واتە یەکسەر لە دڵی خۆماندا دەڵێین هۆکارەکەی شەیتانە، لە قورئانیشدا زۆرجار و لەمیانی باسی چەندین جۆری تاوان و خراپەکاریدا، باس لە شەیتان کراوە و ئەم تاوان و خراپانە دراونەتە پاڵی.

لەکاتێکدا کە ئێمە لەپاڵ بوونی (شەیتان)دا وەك هۆکار و پاڵنەری خراپە، (نەفس)یشمان هەیە، واتە پاڵنەری خراپە لە ناخ و نەفسی مرۆڤەکانیشدا بوونی هەیە، وەکچۆن پاڵنەری چاکەش هەر لەو نەفسەدا ئامادەیە. واتە ئەوەی مرۆڤ بۆ چاکە و خراپەش هاندەدات هەر دڵ و دەروونی مرۆڤ خۆیەتی. قورئانیش ڕاشکاوانە ئەمەی دەربڕیوە (و نفس و ماسواها، فالهمها فجورها و تقواها، قد افلح من زكاها، وقد خاب من دساها..) سورة الشمس، ٧-١٠. واتە: ((سوێن بە نەفس و بەوەش کە ڕێکیخستووە، و خراپە و چاکەی

ئیلهام کردووە بۆی (تێداچاندووە)، هەرکەسێک (ئەو نەفسە) بەپاکی ڕابگرێت، سەرکەوتووبووە، ئەوەش کە بەخراپ ڕاییگرێت بێئومێد بووە)). لە هەمانکاتدا کرداری مرۆڤەکان (بەچاک و خراپەوە) دەدرێتە پاڵ خوداش، واتە کردارەکان بەگشتی لەژێر خواست (ارادە)ی خوداوان، چۆنی بوێت بەو ئاڕاستەیەدا دەیانبات؟!

لێرەدا دەپرسین بۆچی لەیەککاتدا شەیتان و نەفسیش بەهۆکاری کرداری خراپە دانراون، ئایە لەبنەڕەتدا هەردووکیان هەر یەک ئەرك ئەنجام نادەن؟ ئایە شەیتان بەتەنیا بەس نییە بۆ فریودانی مرۆڤ؟ یان نەفس بەتەنیا بەس نیە بۆ بەلاڕێدابردن؟ یاخود خودا بۆخۆی وەك هۆکارێک بۆ چاکە یان خراپە بەس نیە!!

ئەوەی لەم نێوەندەدا بابەتەکە یەکلایی دەکاتەوە تەنیا بریتیە لەوەی، کە شەیتان وەك هێزی شەڕ و هاندەر بۆی، لە ئاینە کۆنەکانەوە هاتووە و هەر دەبوایە باسبکرابایە، خوداش وەك سیمبولی دەسەڵات و ئیرادە و ئامادەیی بەردەوام، دەبوایە هەبوایە، وەکچۆن نەشدەکرا لەم نێوەندەدا نەفس و ناخی مرۆڤ فەرامۆش بکرێت. بەڵام ئەوەی وەک تاکە فاکتەری ڕاستەقینە بۆ چاکە و خراپەش دەمێنێتەوە، و بوونێکی کاریگەری ڕاستەقینەی هەبێت تەنیا نەفسەکەیانە، واتە شەیتان و خودا وەک دوو پاڵنەری ئاینیانەی ناچاریی خراونەتە ناو باسەکەوە.

سەبارەت بە خودا، ئەگەرچی لەبابەتی قەزاوقەدەر و مەسەلەی ئیرادە و ئەجەلدا خراپەکانیش لەپاڵ چاکەکاندا بەجۆرێک لە جۆرەکان دەدرێنە پاڵ خودا، بەڵام ئەمە دانەپاڵێکی ڕاستەقینە نیە، لانی کەمیش سەبارەت بە هۆکاری خراپە، بەڵام مەبەستەکە لێرەدا ئامادەیی دەسەڵاتی خودا و توانا و ویستیەتی، واتە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکانە بۆ خاوەنداریتی ئەم سیفەتانە لەلایەن خوداوە، نەك ئەوەی خودا پاڵنەر و هۆکاریان بێت، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

سەبارەت بە شەیتانیش وەك هۆکاری خراپە، پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

کەواتە لە ئەنجامدا تەنیا (نەفس)ەکەیانە کە وەك فاکتەری ڕاستەقینە دەمێنێتەوە. ئەگەر لەڕووی زانستیشەوە بڕوانین، لە زانستێکی وەك دەروونناسیدا دەبینین چاکە و خراپە لەناخی مرۆڤدا وەك پاڵنەری غەریزەیی بوونیان هەیە. واتە ئەو پاڵنەرانە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا هاتونەتە ئاراوە، لەجیناتی مرۆڤدا حەشارن، بەجۆرێک کە مومکین نیە بیر لەبوونی مرۆڤ بکرێتەوە بەبێ ئامادەبوونی هەردوو پاڵنەری چاکە و خراپە تێیدا.

هەروەها ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کە پاڵنەری خراپە لەمرۆڤدا شەیتانە، گوایە لە گیانلەبەرانیشدا بەگشتی، ئەو گیانلەبەرانەی دڕندەن بەتایبەتی، هەر دەبێت شەیتان بێت؟! ئەگەر وەڵامەکە ئەوەبێت

کە مرۆڤ لەمڕووەوە بەبوونی ئیرادە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە، کە خاوەنی ئیرادەی ئازادە لەوەی چاکە یان خراپە بکات.

لەوەڵامدا دەڵێین ئێمەش هەر ئەم وەڵامەمان بەلاوە مەبەستە، کە کردەوەکان هەموویان لە ئیرادەیەکەوە دێن کە غەریزییە لەمرۆڤدا، ئیرادەیەک کە لەناخیەوە، واتە نەفسیەوە، سەرچاوەی گرتووە، نەك لە دەرەوە هاتبێت، (وەك شەیتان یان ویست و قەدەری خودا).

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر هۆکاری کردەوەکان بەگشتی بۆ مرۆڤ خۆی بگەڕێنینەوە، دەبێت بەهۆی چارەسەرکردنی چەند کێشەیەك بۆی، لەنموونەی:

ڕزگاربوون لەوەی لەپاڵ نەفسدا شەیتان یان قەدەر هۆکاربێت بۆی، واتە لەنێوان چەند پاڵنەرێکدا یەکێکیان وەك پاڵنەری ڕاستەقینە دەدۆزرێتەوە، و لەو دڵەڕاکێ و مشتومڕانە ڕازگاری دەبێت کە لە کتێبەکانی عەقیدە و زانستی کەلامی ئیسلامیدا بوونیان هەیە.

لە بوونی شەیتان، قەدەر، ئەجەل، وەك چەند بابەتێکی ترسناک، ڕزگاری دەبێت.

واقیعیانە و زانستیانە بۆ پاڵنەری خراپە دەڕوانێت، و لەو لێکدانەوە ئاینیە تەمومژاوی و نەسەلمێنراوانە ڕزگاری دەبێت کە وەك پێویست ڕوونەکراونەتەوە. واتە ئاین دەگەڕێنێتەوە ناو واقیع، بە چەشنێک کە مرۆڤ توانای تێگەیشتن و قبوڵکردنی هەبێت.

لە لێکدانەوەی ئاینیانەدا بۆ هۆکاری ئەنجامدانی تاوان و خراپە، ئەگەر بۆ نموونە کەسێک دزی بکات، دەڵێن ئەو کەسە بۆخۆی ویستی دزیکردنی هەبووە، بەڵام شەیتان هاتۆتە لای و دنەی داوە کە دزییەکە بکات، وەکئەوەی مرۆڤەکە تەنیا لە ویستەکە، بە زمانە ئاینیەکە لە نیەتەکە و نیازەکە بەرپرس بێت، هەرچەندە لەهەمان کاتیشدا دەڵێن نیەتەکەش هەر شەیتان خستویەتیە دڵیەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: کەواتە ئیرادەی ئینسان لێرەدا دەکەوێتە کوێوە؟ ئەگەر پاڵنەری چاکە خودا بێت و پاڵنەری خراپەش شەیتان بێت، کەواتە پاڵنەرە غەریزییەکە بوونی نیە، یان ناکۆک دەبێت لەگەڵ ئەم پاڵنەرە ئاینیانەدا؟!

پێویستە بەر لەهەرشتێک لەو ڕاستیە زانستیە تێبگەین کە کارەکتەری مرۆڤ، بە پاڵنەرەکانی چاکە و خراپەشەوە، بابەتێکە دوو شت لە دروستکردنیدا بەشدارن کە ئەوانیش بۆماوە و ژینگەن. بێگومان کە دەگوترێت ژینگە، مەبەست ژینگە کەلتوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە گشتیەکەیە، نەک تەنیا ژینگەی جوگرافی یان سروشتی.

هەروەها ئەگەر سەرنج لەو دیالۆگەی نێوان خودا و شەیتان بدەین لەکاتی فەرمانکردنی خودا بەوەی فریشتە و جنۆکەکان کڕنۆش بۆ ئادەم بەرن، کە لەم نێوەندەدا شەیتان کڕنۆش نابات و لەخودا

و فەرمانەکـەی یاخیـی دەبێـت، خـوداش بڕیـاردەدات شـەیتان لـە ڕەحمەتـی خـۆی دووربخاتـەوە و بیخاتـە دۆزەخـەوە، لەوکاتـەدا شـەیتان هەڕەشـە لەنـەوەی ئاینـدەی ئـادەم دەکات کـە بـەرەو شـەڕ و گونـاه و خراپەیـان دەبـات، بۆئـەوەی نـەوەی ئادەمیـش وەك شـەیتان خـۆی بچنـە دۆزەخـەوە. لێـرەدا دوو پرسـیار دێنـە پێشـەوە: بۆچـی دەبێـت خـودا ئـەم هێـزی تۆڵەسـەندنەوە و توانـای لادانـی مرۆڤەکانـی بـە شـەیتان بەخشـیبێت، ئـەدی ئەگـەر پێـی نەبەخشـیبا چـی ڕووی دەدا؟!

پرسیارێکی دیکـەی گرنگتریـش بریتیـە لـەوەی» ئایا ئەگـەر شـەیتان بوونـی نەبایە، خراپـە لای نـەوەی ئـادەم بوونـی نەدەبـوو؟!

تەنانـەت بـەلای نوسـەرێکی وەك دکتـۆر مسـتەفا مەحمودیشـەوە، کـە خاوەنـی ئایدیۆلۆژیـای ئیسلامیشـە، ئەخـلاق بەرهەمـی کۆمەڵگەیـە، واتـە بەرهەمـی ژینگـەی کۆمەڵایەتیـە وەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد (ئەخـلاق بەبـێ مانـا دەمێنێتـەوە.. هەتـا کۆمەڵگـە دروسـت دەبێـت.. و پەیوەندییـەکان.. بەریەککەوتنـەکان.. و سـود و قازانجـەکان.. و چێـژ و ئازارگەلێـک دێنـە ئـاراوە کـە مـرۆڤ ئاڵوگۆڕیـان پێدەکـەن، لـەو کاتـەدا وشـەی شـەڕ (خراپـە) و وشـەی خێـر (چاکـە)ش دێنـە بوونـەوە... بانگەشـەی ئـەوەی کـە شـەڕ (خراپـە) هێزێکـی میتافیزییکـە لەودیـوی ئەقڵـەوە، بانگەشـەیەکی خورافیانەیـە.

شەڕ ڕۆڵەی کۆمەڵگەیە..

ئەم حەقیقەتەش نوێ و سەرسامکەرە..

سەرسـامکەرە لەبەرئـەوەی ماناکـەی ئەوەیـە و ئـەوە دەگەیەنێـت کـە بیریـان لەنوەێـوە بکەونـە گـەڕان بـەدوای تیـۆری نـوێ بـۆ مانـای خێـر و شـەڕ..)). ٧

بابەتێکـی دیکـە لـەم نێوەنـدەدا بریتیـە لـە دروسـتبوونی شـەیتان لـە ئاگـر، کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی خـۆی بەباشـتر لـە ئـادەم بزانێـت کـە لـە قـوڕ دروسـتکراوە؟! پرسـیارەکە ئەوەیـە: ئایـا لـەدەرەوەی دنیـای زانسـتی فیزیکـدا شـتێک هەیـە بەنـاوی ئاگـر؟!

سـەبارەت بـە دروسـتبوونی فریشـتەش بەهەمـان شـێوەیە کـە دەگوترێـت لـە نـوور (ڕوناکـی) دروسـتبوون؟ مەگـەر ڕووناکـی لـە زانسـتی فیزیکیـدا بـە (فۆتـۆن) ناپێورێـت؟

کەواتـە لێـرەدا دەبێـت تێگەیشـتن و مامەڵەکردنمـان لەگـەڵ ئاگـر و ڕوناکیەکەشـدا هـەر ڕەمـزی و مەعنەویـی بێـت.

٧ - الدكتور مصطفى محمود، إبليس، مكتبة مصر، ٢٠١٥، ص٣٥- ٣٦.

سەرچاوەکان

لویس معلوف، المنجد في اللغة، انتشارات اسلام، تهران، ١٣٧٩، ص٣٨٧-٣٨٨، هەروەها بڕوانە: ابراهيم مصطفى واخرون، دار الدعوة، استانبول، ١٩٨٩.

العلامه الراغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرأن، تحقيق صفوان عدنان داوودي، دار القلم، دمشق، ط٥، ٢٠١١.

جان صدقة، رموز و طقوس، دراسات في الميثولوجيا القديمة، رياض الريس للكتب و النشر، لندن.

فيليب سيرنج، الرموز في الفن/ الأديان - الحياة، ترجمة عبدالهادي عباس، دار دمشق،ط٢ ، ٢٠٠٩.

الدكتور مصطفى محمود، إبليس، مكتبة مصر، ٢٠١٥.